www.kurdistannet.org
8-10-2006 8:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نە ئێمە ئەحمەقین نە چنار بەڵکو دەسەڵات ئەحمەقە (ئەو میللەتەی دەنگی داوە بەم جۆرە پەرلەمانتارانە و لێشیان ڕازییە، بەبڕوای من شایەنی کیمیاویباران و ئەنفالکردنێکی ترە) ... ناسح عبدالرەحیم

لە نوسینێکی پێشومدا ئەوەم گوتبوو کە سیاسەکانی کورد بە هۆی سەرقاڵیان بەبازرگانی و کۆمپانیاکانیانەوە کاتی ئەوەیان نییە سوکایەتی بکەن بە شەهیدان و کەسوکارەکەیان، بۆیە چەندین کەسایەتیان لە ناو حکومەتۆلکەکە ڕاسپاردووە بۆ بە بەئەنجام گەیاندنی ئەو سوکەیاتیانە، پاش ئەوەی وەزیرێکی حکومەتە ساویلکەکەی کوردی وەك سوکایەتیکردنێك بەرامبەر شەهیدانی هەڵەبجە کە لە مێژوودا سوکایەتی لەو جۆرە هاوتای نییە، ئەوەش بەوەی شەهیدانی هەڵەبجەی بەکوژراوی سوتفە پێناسەکردبوو (بە عقڵی ئەو تەیارەی وێڵ کوشتوونی و دەبێت چەندین پلە لە خواری ئەو کوردکوژانەوەبن کە بەپێی خۆیان چون بۆ دێگەڵەو خۆیان بەکوشدا لە پێناوی پارەی ئیبرڕڕڕڕڕڕڕایم خەلیییل، وەك ئەوەی میللەت کوێرای داهاتبێت و نەزانێت سنوری وولاتی ئێمە جەبەل حەمرینە نەك دێگەڵەکەی وەزیر)، لێرەدا نامەوێت جارێکی تر ئەوە دوبارە بکەمەوە، ئێستا باسی سوکایەتیەکی ترتان بۆ دەکەم کە بەرامبەر بە هەموو شەهیدانی کوردستان کراوە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا ببورن (ئەمجارەیان پەرلەمان ناو دەنێم سەنتەری ئاسیا سێڵی مامە و کۆرەکتیلیکۆمی کاکە) پێشر زۆر ناونراوە لە پەرلەمان و پەرلەمانتاران و سەدان نوکتەو قۆشمەیان لە سەر باسکراوە کە هەر هەموو قسەو باسانە لەسەر پەرلەمان و پەرلەمانتاران لە جێگەی خۆیدابووە. بەبڕوای من ڕەنگە بەلاتانەوە سەیربێت ئەم ناوە تازەیە، بەڵام کە وتارەکەتان خوێندەوە و سەیرێکی ( (لاپەڕە 1 ی ژمارە 82ی ڕۆژنامەی شەقام بەرواری 2006/9/30) ) تان کرد ئیتر تێدەگەن ئەو هۆڵەی میلەت خوێنی بۆ ڕشتوو هەزاران شەهیدی بۆ داوە، دەزانن کە ئایا شوێنێکە بۆ خزمەتکردنی میللەت یان لە سەنتەری ئاسیا و کۆرەك تیلیکۆم ئەچێت؟توخوا سەیر بکەن و خۆتان حوکم بدەن بزانن (ئێمە و چنار سەعد عبدوڵا و دەسەڵات) کاممان ئەحمەقین، ئێمەیەك وەك وەفایەك بۆ شەهیدانی میلەت شەو ڕۆژ ئارامامن لە خۆمان هەڵگرتووە تاوەکو ئاگاداری هەموو ئەوانە بین سوکایەتی بە شەهیدانی کوردستان دەکەن.

ئەگەر دوێنێی چناری وەزیر پێمانبڵێت ئەحمەق لە سەر ئەوەی وەك وەفایەك بۆ شەهیدانی میللەت بەدەنگ هاتین، ئەی جەنابی چی دەڵێت بە ئەو پەرلەمانتارانەی لە کاتی تاووتوێکردنی یاسای وەزارەتەکەی ئەودا وەك سوکایەتیکردنێك بە گشت شەهیدان و خودی چنار سەعد عبدوڵا و پرۆژەکەشی لەو کاتەدا یاری بە موبایلەکانیان دەکەن، بەڵێ لە گەرمەی تاوتوێ کردنی یاساکانی وەزارەتەکەی تۆدا هاوڕەگەزەکانت (ژنانی پەرلەمانتار) سوکایەتی بەو شەهیدانە دەکەن کە بە گوتەی خۆت تۆ هەموو توانایەکت خستۆتە گەڕ بۆ خزمەتکردنی کەسوکارەکانی ئەوان. چاوەڕوانی چنارخانین بۆ ئەوەی بەدەنگ بێت و بزانێت ئێمە ئەحمەق نین، بەڵکو هەموو ئەوانە ئەحمەقن سوکایەتی بە شەهیدان دەکەن، ئیتر ئەو سوکایەتیەئەوەبێت (ناوی جاش و ئەنفالچی و سیخوڕ بخرێتە پاڵ ناوی شەهیدان، جیاکاری کردنبێت لە نێوان شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکان و شەهیدانی پێش ڕاپەڕین) تەنها یەك جیاکاری مەعقولبوو بکرایە لە ناو ئەو 60 هەزار شەهیدە، ئەوەش بەوەی ئەو شەهیدانەی لە شەڕی دژ بە بەعسدا شەهید بوون لەگەڵ ئەو شەهیدانەی لە شەڕی کورد_کورد شەهیدبوون. بەڵام ئەمە ناکرێت چونکە ئێوەی حیزبی شەهیدانی نەتەوەیتان لەلا گرنگ نییە، وەك ئەو پێشمەرگانەی لە پێش ڕاپەڕین لەو شاخانە شەهید بوون، ئەوانەی لە ئەنفالەکاندا زیندەبەچاڵکران، ئەوانەی لە هەڵەبجەدا هەوای ئاسمانەکەشیان لێقەدەغەکرا. ئەوەی من بتوانم بیکەم ئەوەیە لەم کەناڵەوە تەلەفونێك بۆ:

_ كاك عدنان موفتی بكەم و بڵێم:

ئەلو ئەلو كاك عدنان موفتی پیرۆزبایت لێدەكەین بەبۆنەی گەشتنی شەبەكەی موبایل بە ئاوایی پەرلەمان.

_ئەلو ئەلو چنارخانی بەڕێز ئەحمەقێك ئەیەوێت قسەت لەگەڵدا بكات و پێتبڵێ سەیرێكی ڕۆژنامەی شەقام بكە، ئەمجارەش پێمانبڵێ نەحممممممممەق!!!!!

مژدە مژدە لە هۆڵی پەرلەمان شەبەكەی ئاسیا هەیە

ئەحمەقێك لە هەڵەبجەی شەهیدەوە بەناوی ناصح عبدالڕەحیم